# گۆڕینی بەرنامەی خوێندن

## کەری کەوتوو و کوننەی دڕاو[1]

فاضل قەرەداغی

ڕۆژنامەی کۆمەڵ ١٣٨، ٢٠٠٤/٩/٤،ل٥

ماوەیەکە باس لەگۆڕینی بەرنامەی خوێندن و پەروەردە دەکرێت و زیاتر تیرەکان ئاڕاستەی پەروەردەی ئیسلامیی دەکرێن.

ئەم تەرکیزکردنە لەسەر پەروەردەی ئیسلامیی حیکمەتی پێشینانمان بۆ دەسەلمێنێت کاتێك بەئامێری ساکاری پەندو بە وتەی کورت و واتادار تەعبیریان کردبوو لەقسەیەك یان بیرێك یان هەوڵێك، ئەمجارەیان لە تیرێك کە ئاڕاستەی غەیری جێگەی مەبەست کراوە.

پێویستە هەر لەسەرەتاوە هەموو لەسەر ئەوە ڕێك بین کە پێداچوونەوە بەبەرنامەی پەروەردەو خوێندن نەك تەنها گرنگە بەڵکو هێندە پێویستە کە نابێت لە دەرەوەی خانەی ئەرکە ستراتیجییەکان بێت.

بەرنامەی خوێندن نەك تەنها لەکوردستاندا کێشەیە بەڵکو وڵاتی پێشکەوتوو هەیە هەستی پێکردووە. لەشوێنێکیشدا قسەیەکم لەبارەی بەرنامەی خوێندن لە ئەمەریکادا خوێندۆتەوە کە دەڵێت: "ئەگەر ئەو بەرنامەیەی خوێندن لەلایەن حکومەتێکی دەرەوە (دەرەوەی ئەمەریکا) دابنرایە ئەمەریکییەکان بە یەکێك لەکارە دوژمنکارییەکانیان دەزانی". ئەمەریکا، بۆ کەسێك نەیناسیوە، زۆر شت بە دوژمنکارانە دەبینێت و "کاری دوژمنکارانە" یەکێکە لەو چەمکانەی بەرپرسان بۆ کۆنترۆڵ کردنی هاووڵاتیانیان بەکاری دەهێنن.

لەبەر ئەوەی باس هاتە سەر ئەمەریکا دەرفەتە و هاتۆتە دەست و با نەڕوات.. پێویستە بڵێم کە ئەم قسە تازانە لەسەر پەروەردەو بەتایبەتی پەروەردەی ئاینی وەکو دەنگدانەوەیەکی قسەکانی "ئاغا" خۆیان نیشان دەدەن، ئەو ئاغایەی بانگەشەی بۆ گۆڕینی بەرنامەی خوێندن لەوڵاتانی موسڵمان کردبوو. ئەم وڵاتانەش دۆڵێکی بەتاڵن بۆیە ئەم جۆرە بانگەوازانە تێیاندا دەنگ دەدەنەوە، دەنا دۆڵی بەتاڵ چ شتێکی پێیە لەخۆوە بیکات؟ دۆڵی بەتاڵ تەنانەت نازانێت بێنەواو بەتاڵە.. بۆیەش دەبینی واز دەهێنرێت لەباری بەسەریەکدا هەڵچنراوی سەقەتی و تەنها بیر لە وانەی پەروەردی ئاینی دەکرێتەوە..

بەڵام دیسان بەسەقەتی بیر لەم وانەیە دەکرێتەوە چونکە جگە لەدروشمی گەرمو ئاگراوی و جگە لەدووبارەکردنەوەی وشەو زاراوەی زل هەگبە بەتاڵەو هیچیش لەخۆناگرێت.. دەیانەوێت بەرنامەی خوێندن بگۆڕن و کۆتایی بەنەهامەتی بهێنن، بەڵام چۆن بۆیان دەکرێت لەکاتێکدا ئەوان بەشێکن لە نەهامەتییەکە؟ بەر لەگۆڕینی بەرنامەی خوێندنی ناو قوتابخانەو زانکۆ پێویستە ئەوانەی خۆیان بەنووسەر دەزانن گۆڕانکاری بەسەر خۆیاندا بهێنن.

---

[1] ژمارەیەك هەڵەی چاپ ڕوویادا لە بابەتی ڕۆژنامەکە لێرەدا چاکیان دەکەم. هەروەها هەندێك وشە دەستکاری کرابوون، جگە لەوەش بۆ خۆم چەند وشەیەکم لێرەدا گۆڕیوە..

واز لەبێنەوایی و ڕۆشنبیری و ڕیزکردنی وشەی زل بهێنن و لەشتێکی بچووکەوە دەست پێبکەن.

ساڵی ١٩٨٥ بوو بابەتێکم بەعەرەبی لە ڕۆژنامەی (الجمهوريه)ی عیراقی بەناونیشانی (لەپێناوی چاککردنی سیستەمی فێرکردنی ئامادەیی و زانکۆی) یان ناوێك لەم بابەتە بۆ بڵاوکرایەوە. لەو بابەتەدا تەرکیزم لەسەر خوێندنی ئامادەیی کردبوو کە چۆن وانەکانی تێکەڵ و پێکەڵن و هیچ سوود بەقوتابی ناگەیەنن و سەری لێ دەشێوێنن، دەنا قوتابییەکی شەشی ئامادەیی کە سبەی بچێتە کۆلێجی ئەندازیاری چ ئیشێکی بەوانەی (حەیوان) هەیە؟ بۆیە داوامکرد وەك چۆن بەشی زانستی و بەشی ئەدەبی لە پۆلی پێنجەمەوە جیادەکرێنەوە واش لە بەشی زانست بکرێت و ببێتە دوو بەش، لە بەشێك فیزیاو جەبرو لەم جۆرە بابەتانە بخوێنرێن و ئاژەڵ و ڕووەك و کیمیاش لەبەشەکەی تر (دەشکرێت کیمیا لەبەشەکەی تریش بخوێنرێت).. بەم جۆرەش وانەکان کەم دەبنەوەو لێك نزیك دەبن و زۆری قوتابیان هەر لەپێنجەوە بڕیاری خۆیان دەدەن بۆ چ جۆرە خوێندنێك دەچن، باری سەرشانی قوتابیش سووك دەبێت و چیتر بەترس و بێزارییەوە تەماشای خوێندن ناکات.

دیسان پرسیارە هەرە گرنگەکە دەکەمەوە: خوێندنی ئەو هەموو تێکەڵ و پێکەڵییە: ئاژەڵ، ڕووەك، زیندەوەرزانی، جەبر، هەندەسە، فیزیا.. چ سوودێك بەقوتابیی قۆناغی ئامادەییو دواتر زانکۆ دەگەیەنێت؟

ئایا مەبەست ئەوەیە قوتابی زانیارییەکی گشتی هەبێت یان ئەوەیە "لەوانەیە" سبەینێ سوود لەو هەموو شتانە وەربگرێت؟

با بۆ هەردوو مەبەست نموونەی وانەی ڕووەکزانی پۆلی پێنج و ئاژەڵی پۆلی شەش بهێنمەوە.. تێبینیش بکە من باس لەوانەکانی کاتی خۆم دەکەم، حاڵی وانەکانی ئەمڕۆش لەوە باشتر نییە.

ڕەنگە کتێبی ڕووەکزانی چوارسەد لاپەڕە بووبێت بەڵام کەچوومە زانکۆ چیم بیرمابوو..؟ تەنها یەك وێنەی تەمومژاویی توێژەکانی درەخت لەگەڵ ناوی یەك توێژی پەرانکیمی.. تەنها ناوەکەی و بەس! لەکۆلێجی ئەندازیاریشدا کارمان بەتەختە کەمە.. زۆر لەمە کەمتریش بە توێژی پەرانکیمی.. خۆ ئەگەر کاریشمان پێی هەبێت بەئاسانی دەتوانین کتێبێکی لەسەر بخوێنینەوە.. ئیتر هەقمان نییە بڵێین پەروەردەکاران کە بۆچی بەو کتێبە چوارسەد لاپەڕەیە ئەشکەنجەتان دەداین؟

وانەی ئاژەڵ خۆشتر بوو بەڵام لەوکتێبە چوارسەد یان پێنج سەد لاپەڕەیە کە دەبوایە هەموومان تەواوبکردایە، تەنها وانەی (کولله)م بیرماوە ئەویش چونکە وانەکەم شەش جار خوێندبووەوە.. لەو وانەیەش تەنها یەك شتم بیرماوە ئەویش کە لەشی کوللە لەسێ بەش پێکهاتووە، سەرو سك و کلك.. خۆ ئەگەر کوللەم بەڕاستی نەدیبایە لە (گرندایزەر)م جیا نەدەکردەوە.. پەروەردەکاران.. ئەم بەرنامەیە پیلانێکی دوژمنکارانە نەبووە؟ ئێستاش لەهەموو کەسێکی وەکو من لەبارەی وانەکانی ئامادەیی بپرسن هەمان زانیاریی "سوودبەخشتان" پێ دەڵێن..

ئینجا خوێندنی ئەمانە چ بناغەیەکیان بۆ دروستکردم کاتێك چوومە زانکۆ؟

خۆ ئەگەر مەبەست لەم وانە تێکەڵانە زانیاریی گشتی بێت یەك قوتابی نییە بەپوولێکیان بکڕێت.. هەقی تەواویشی دەدەمێ چونکە مرۆڤ چی لەو جۆرە زانیارییانە بکات؟ تۆ بڵێیت لەپرسە یان لە شەکراو خواردنەوە

یان کاتێك میوانی یان میوانداری خەڵك دەکەی‌و کاتێك کوللەیەك بەژوورەکەدا بازدەدات چنگی پیا بکەیت‌و بڵێیت وەرن بۆتان باس بکەم لەشی کوللە لەچەند بەش پێکهاتووە؟

ئەگەر باسی سوودی زانیاریی گشتی بۆ کەسێك بیەوێت ببێتە نووسەر بکەین ئەوا باوەڕی تەواوم هەیە کە نووسەر پێویستی بە زانیاریی گشتیی جۆراوجۆر هەیە تا ببێتە نووسەرێکی بەهێز، بەڵام نەهەموو قوتابییەك دەبێتە نووسەرو نە ئەو زانیارییانە مرۆڤ دەکەنە نووسەر.. ئێستاش دەتوانم لەنووسینێکی سیاسیی وشکدا سوود لە ڕۆمانێکی دڵداری وەربگرم، بەڵام مەگەر موعجیزەیەك بێت دەنا لەیەك نووسیندا ناتوانم سوود لەوانەی کوللە وەربگرم.. مەگەر تەنها بۆ نووسینێکی وەکو ئەمە کە ئەم وانەیە وەکو نموونەیەك لەسەر نەهامەتی خوێندن بهێنمەوە.

کەواتە یەکەم شت بۆ گۆڕینی بەرنامەی خوێندن ئەوەیە ئەو پۆلانە جیابکرێنەوە. با لەپۆلی پێنج یان شەشی ئامادەییەوە دوو بەش یان زیاترمان هەبێت بۆ بەشی زانستی‌و دووبەش یان زیاتر بۆ بەشی ئەدەبی، بەشێکی زۆر گرنگیش کەدەبێت لەئامادەییەوە جیابکرێتەوە بریتییە لەبەشی زمان کە زمانزانی دەروازەی میللەتانە بۆ فێربوون‌و پێشکەوتن، بەشێکی گەورەی دواکەوتنیشمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە نە قوتابی زانکۆو نە ئەوەی لە زانکۆ دەردەچێت‌و نە نووسەرانمان وەکو پێویست زمانی پێویست دەزانن.

ئەگەر بێینە سەر یەك بەیەکی وانەکان سەری مەنهۆڵەکە زیاتر دەکرێتەوەو چاکتر بۆنەکە دێتە ناو لوتمان.

لە وانەکانیش تەنها ئینگلیزی‌و مێژووی کۆن وەردەگرم. ئاکامی وانەی ئینگلیزی بەباوەڕی خۆم ئەوەیە کە قوتابی ڕقی لە زمانی ئینگلیزی هەڵبگرێت. کاتی خۆشی کتێبێکی ئینگلیزی زۆر ئێسك سووکمان هەبوو. ئێستاش ئەوەی پۆلی شەشەمی ئامادەییم ماوەو هێندە دڵگیر بوو زۆر لەوێنەکانم ڕەنگ کردبوو. کتێبەکە بەقەبارەی نیو (ئەی فۆڕ) بوو و بریتی بوو لە دە وانە کە بەشێکیان چیرۆك بوون. پاشکۆی وانەکانیش زۆر کورت بوون. یەك لەوانەکان جیابوو و باسی بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵی دەکرد.. بابەتێکی وشك بوو و ئەو ساڵەی من تەرك کرا.. کتێبێکی وا ڕۆح سووك بەزەحمەت ڕق‌و بێزاری قوتابی دەبزوێنێت.. ئێستاش قوتابی ئەو کاتە باشتر ئینگلیزیی دەزانێ ئەگەر چیش قوتابیی ئەمڕۆ ئەو هەموو کرانەوەیە بەسەرجیهاندا دەبینێت.

کتێبی ئینگلیزیی ئێستاش تا دوا سنوور ئێسکگران‌و عەبووسە.. وشك‌و بێتام.. تەنها بۆ ئەو کەسە باشە کە بەئارەزووی خۆی بیەوێت فێری زمانەکە بێت، ناشزانم گۆڕینی کتێبە کۆنەکە چ حیکمەتێکی تێدابوو (ئەمەش کاتی ڕژێمی پێشوو کرابوو). ڕەنگە پەروەردەکاران وایانزانیوە بەزلییە، واتە کتێب چەند زل بێت‌و شتی زۆری تێدا بێت باشتر قوتابی فێردەکات.. بەڵام ئەمە تەواو هەڵەیە چونکە یەکەم شت کەدەبێت ڕەچاوی بکەین ئەوەیە قوتابی بەپێی حەزو ئارەزوو ناخوێنێت[2] بۆیە پێویستە خوێندنی لاشیرین بکەی ئەمەش بەکەمکردنەوەی وانەکان‌و بچووککردنەوەی کتێبەکان.. ئێستاش زۆر بەچاکتری دەزانم ئەگەر بڕیار بدرێت تەنها یەك چارەکی پرۆگرامەکە بخوێنرێت.. ئەو یەك چارەکە زۆر زیاتر سوود بە قوتابی دەگەیەنێت.. ئەی باشە

---

[2] وام نووسیبوو، واتە بەحزو ئارەزووی خۆی ناخوێنێت بەڵام لە بابەتەکەی ناو (کۆمەڵ)دا کرابو بە: دەخوێنێت.. دیارە برای هەڵەگر زیاد لە پێویست گەشبین بوو، بەڵام من حاشا لەمە دەکەم.

نالێین مەسەلە بەخشینی زانیاریی گشتییە؟ قوتابی لەم هەموو زانیارییانە چارەکێکی بەسە.. مرۆڤ بەشایەتمانێك بچێتە بەهەشت ئەی بۆ ناتوانێ لەهەر پۆلێك و بەچارەکێکی کتێبەکە بناغەیەکی بۆ دروست بێت؟

(نموونەیەکی تریش لەسەر ئێسك سووکی کتێب، خوێندنی کوردیی پۆلی یەکی سەرەتایی. کتێبە کۆنەکە ئاسان و سووك و ڕووگەشە کەچی ئەمەی تازە قورس و ئالۆزو بێ زەوقە.. ئەگەر گۆڕانکاری بەم جۆرە بێت نەکرێت باشە).

ئینجا باسی وانەی مێژووی کۆن (پۆلی یەکەمی ناوەندی) دەکەم و تەنها یەك نموونە وەردەگرم کە بۆ پێکەنین دەشێت:

لەدەربەندی (گاور)ی زنجیرە چیای قەرەداغ نەخشێکی هەڵکەندراو هەیە کە نازانرێت خاوەنەکەی کێیە. نەخشێکی واش تا دروست دەکرێت چەند مانگێکی دەوێت کەچی کتێبەکە دەڵێت گوایە کاتێك ئەم پادشایە هاتۆتە کوردستان کوردەکان سەربازی زۆری لەشکرەکەیان کوشتووە بۆیە پادشا بەخەفەتبارییەوە دیارە!

ئەمە لوتکەی نەگبەتییە .. لێرەدا گەشتیتە دوا سنووری کارەسات و بۆ خراپتر مەگەڕێ! جارێ کە نووسین لەسەر نەخشە هەڵکەندراوەکەی سەر بەردی شاخەکە نەبێت و تەنانەت نەناوی پادشاو نە بەسەرهاتەکەی دەزانی چۆن لەخۆتەوە دەڵێیت: کوردەکان سەربازی زۆریان لەلەشکرەکەی کوشتووە؟!

پاشان خۆ ئەمە وێنەی فۆتۆگرافی نییە بەچرکەیەك بگیرێت و خەفەتباری بەڕووی کابراوە دیار بێت! تۆ بڵێیت پادشا چەند مانگێك بەخەفەتبارییەوە بەرامبەر پەیکەرتاشەکە وەستا بێت تا وێنەکە تەواو بووە؟

سەرەڕای ئەوە نەپادشای نەناسراو لەوێنەکەدا خەفەتبارەو نە تەئکیدیشە پادشایەکی دەرەوەی کوردستانە، چونکە بۆی هەیە پادشایەکی ناوچەیی بێت و بەم جۆرە لە "کورد"ی کوشتووە! ئەمە جگە لەوەی کە ئەو سەردەمە کورد وەکو نەتوە پەیدا نەببوو!!

قسەکردن لەسەر مەنهەجی خوێندن بەم خێرایییە تەواو نابێت، بۆیە چاکترە بگەڕێینەوە سەر وانەی ئاین کەدیسان ئەمیش نابێت بەکورتی قسەی لەسەر بکرێت بۆیە ئەمەی ئێرە کەمێکی پێویست لەزۆرێکی پێویستر.

وەکو وتم زیاتر لەسەر وانەی پەروەردەی ئیسلامی قسەکراوە ئەمەش نیشانەی یەکەمی نەهامەتییە، بەڵام باسەکان خراپتریان پێیە چونکە جگە لەقسەی سەرپێیی و وشەی زل هیچ شتێك لە هەگبەدا نییە، یەکێك لەو جۆرە باسانە ڕەخنەی لەهەموو بەشەکانی وانەکە دەگرێت: باسی جیهاد قوتابی فێری توندوتیژی دەکات (موناقەشەی ئەمە شوێن و کاتی تری پێویستە بۆیە بۆ داخستنی دەرگای موناقەشەکە بابڵێین باشە).. چی تر؟ فێرکردنی نوێژو باسی زەکات، باسی حەج.. دۆگماییە، عەقڵیەتییەکی چەقبەستوو دروست دەکات، وانەکان تەلقین و هیچ موناقەشەیەکیان تێدا نییە، وردەوردەش هەموو ڕوکنەکانی ئیسلام و هەموو ئەوانەش کە ڕوکن نین دەکەونە بەر ڕەخنە تا لەکۆتاییدا چی دەمێنێتەوە بەقوتابی بوترێت؟

قوتابی چی بخوێنێت؟ چیرۆکی سەندرێلا؟ گرنگترین شت لەئایندا مەسەلەی ئیمانە کە نەك تەنها تەلقین بەڵکو دووبارەکردنەوەشی پێویستە.. سوورەتی (الفیل) و بەسەرهاتەکەی بەشێکە لەقورئان و هەرکاتێك کەسێك باوەڕی پێ نەبێت یان بڵێت خورافەیە کافر دەبێت.. ئیتر چۆن لەم خاڵە کوفرییەوە دەتوانین وانەی ئاین و ئیمان بڵێینەوە (بۆ زانینیش ڕووداوەکە نەك تەنها لە قورئاندا باسکراوە بەڵکو لە کتێبی مێژووشدا هەیە چونکە ساڵی

ڕووداوەکە ببووە خاڵێکی دیاریکراو بۆ ناسینی ساڵەکان بۆیە دەوترا: ساڵی ئەوەندە پێش ساڵی فیلەکە.. ساڵی ئەوەندە پاش ساڵی فیلەکە.. ئەگەر ڕووداوەکەش خورافەت بوایە کافرەکانی ئەوسا ڕەخنەیان دەگرتو قورئان وەڵامی دەدانەوە وەك چۆن قورئان پڕە لە ڕەخنەی کافرەکانو وەڵامی ئەو ڕەخنانە.. ڕووداوەکەش هەمووی نزیکەی چل ساڵ بوو  پێش ئەوەی موحەممەد ببێتە پێغەمبەر واتە لەژیانی ئەو جیلەدا ڕوویدابوو..).

ئەو برادەرە خۆی بەخوێندەوار دەزانێتو لەم شتانە بێ ئاگایەو تەنها دەقە قورئانییەکەی بیستووە، خواش دەزانێت چۆنی بیستووە. ئەو تەنانەت کێشەی لەگەڵ خودی (خوا)ش هەیە.. ئەو دەیەوێت خودا وەك چەمکێکی "ئەبستراکت" بخوێنرێت.. لەم سەر تا ئەوسەری نووسینەکەش بەردەوام هەمان وشە دەبیستین: دۆگمایی.. بەڵام نازانم بۆچی کەسێك شتی ئامادەی خۆی هەبێت (کەم بێ یان زۆر)و لە بناغەیەکی دیاریکراوەوە دەردەچێت بەرەو تەفسیری شتەکانو ئامادە نییە دەستبەرداری ئەو بناغەیە بێت کەسێکی دۆگمایی نییە. ئەو برادەرە داوای خوێندنی (زانستی ئاین) لەجیاتی پەروەدەی ئاینی دەکات بەڵام نازانین: زانستی ئاین بەپێی کام تیۆرو  قوتابخانە؟

نووسینێکی تر توندڕەوترانە دەڕوات تا دەگاتە ڕادەی لابردنی وانەکە  (هەرچەندە ئەوەم بەدڵە کە نابێت، قوتابی فێری دەمارگیریی نەتەوەیی بکرێت). سەرەنجامی  ئەم جۆرە نووسینانەش غەیری باسی وانەی ئاینو لەو باسەش غەیری قسە هیچمان دەست ناکەوێت.

یەکێکیش لە بەهانەکان دژی وانەی ئاین ئەوەیە لەکوردستاندا جگە لە موسڵمان ئاینی  تر هەیەو وتنەوەی وانەکە زوڵمە لەشوێنکەوتوانی ئاینەکان.. بەڵام خەم مەخۆن چونکە ئەوان پێیان خۆشە کاتی وانەکە بچنە دەرەوەو بایەکی باڵی خۆیان بدەن، دواییش لەتاقیکردنەوە دەبەخشرێنو وانەکە (کە لەبەرکردنە) نابێتە هۆی دابەزینی نمرەکەیان.

ئەوانەش کە خەمخۆری شوێنکەوتووانی  ئاینەکانی دیکەن بۆچی خەمخۆری نەتەوەکانی تری کوردستان نین کە هەر دەبێت پەروەردەی نیشتمانی بخوێننو ئەی ڕەقیب) بڵێن؟ قوتابیی ئاسووری کاتی وانەی ئاین دەچێتە دەرەوە پیاسە دەکات بەڵام کاتی پەروەردەی نیشتمانی دەبێت لەگەڵ کوردەکاندا بڵێت (کەس نەڵێ کورد مردووە)، قوتابیی تورکمانیش هەروا.. زوڵم لەکام لەو دوو وانەیە زۆرترە؟ لەمەوە دەزانی  مەسەلەکە تەنها بەهانەیە.. بەهانەیە نەك تەنها لەوانەی ئاین بەڵکو لەخودی ئاین.. وەکو وتیشم کارەساتە چونکە بۆ وانەی  ئاین دەزانن چی بڵێن  کەدیارە وشەی زل بەڵام بۆ وانەکانی تر نازانن چۆن دەست پێ بکەن، دیسانیش دیڵێمەوە چاوەڕێی شتی باش نین لەوانەی قسە لەسەر مەنهەجی خوێندن دەکەن، چاوەڕێ نین پەنجە بخەنە سەر نەخۆشییەکەو کارەساتەکە  دەستنیشان بکەن(چارەسەرکردنیش.. ئەوە هەر هیچ) چونکە خۆیان بەشێکن لە کارەساتەکە.